https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.5

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# فشارەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی پرۆسەی خوێندن

## خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی وەک نموونە

م. ی. عادل محمد نوری
زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
adil.noori@univsul.edu.iq

**پوختە**

لەپاڵ شۆرش و بەرخودانەکانی گەلی کوردستان، خوێندکارانی کوردستان هەمیشە بەشێکی چالاک بوون لە بزاوتنی ئەو شۆرش و بەرخودانانە و لەناو ڕێکخراوی خوێندکاریدا خۆیان ڕێکخستووە و لەپێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا خەباتیان کردووە، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و کردنەوەی سەرلەنوێی زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کە زۆرینەیان سەر بە پارتە سیاسییەکان بوون دەستیان کرد بەچالاکی لە ناو زانکۆکاندا، کە ئەم چالاکییانە خاڵی نەبوون لە کەموکوری و دەستوەردانی ئەم ڕێکخراوانە لەناو زانکۆدا.

ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی هەوڵدانێکی زانستیی مەیدانییە، کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە ئەو هەوڵ و فشارانەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەیکەن تا چەندە کاریگەرە لەسەر پێشخستنی پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکاندا، توێژەر هەوڵی داوە لە لایەنی تیۆریدا کار و فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بخاتەڕوو، هەروەها توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی ڕۆڵ و فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، بۆ ئەم مەبەستە پرسیارنامە وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنراوە کە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە و ٣٣ پرسیاری لەخۆگرتووە، نموونەی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییە لەپاش ئەوەی پێوەرەکە بەسەر نموونەکەدا دابەشکرا لەڕێگەی پاکێجی (SPSS) ەوە شیکاری ئاماری بۆ ئەنجامە بەدەستهاتووەکان کراوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە سەرەڕای گرنگی بوونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، بەڵام فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕۆڵێکی لاوازی هەبووە لەسەر پرسەکانی تایبەت بە خوێندکاران و باڵادەستی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکان و ململانێی

نێوان خودی ڕێکخراوەکان و دەستوەردان لە کاروباری ئیداری زانکۆکان، کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازیی ئەو فشارانەی کە ڕێکخراوەکان دەیکەن، لە کۆتاییدا چەندین ڕاسپاردە خراوەتەڕوو بە ئامانجی باشترکردنی ڕەوشی ڕێکخراوەی لە زانکۆکاندا.

**وشە کلیلییەکان:** پەروەردە، خوێندن، ڕێکخراوی خوێندکاری، ڕێکخراوی قوتابی، فشاری ڕێکخراوەیی.

## فشارەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی پرۆسەی خوێندن

## خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی وەک نموونە

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە

لە دوای ڕاپەڕینەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پاش کردنەوەی زانکۆکان لە هەرێمی کوردستاندا، ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هەوڵیان دا ڕۆڵیان هەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندن، بێگومان لەبەرئەوەی زۆرینەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دامەزراوەی سەر بە حیزبە سیاسییەکان بوون، بۆیە هەوڵ و دەست پێشخەرییەکانیان خاڵی نەبوو لە کارکردنیان بۆ ناساندن و زەقکردنەوەی حیزبەکانیان لە نێو زانکۆکاندا، بەڵام ئەوە شاراوە نییە کە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لەپاڵ هەژموونی حیزبیدا، کاریانکردووە بۆ دروستکردنی فشار لە پێناو چارەسەرکردنی ئاریشەکانی کە بەردەم ڕەوتی خوێندن لە زانکۆکاندا، بێگومان بەشێک لە هەوڵی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هەوڵدان بووە بە ئامانجی دروستکردنی فشار لەسەر ئیدارەی زانکۆ بە ئامانجی سوود گەیاندن بە خوێندکارانی زانکۆ کە زۆر جار ئەم فشارانە کاریگەرییان هەبووە لە سەر پرۆسەی خوێندن لە ناو زانکۆکاندا.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ئایا ئەو هەوڵ و فشارانەی کە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەیکەن تا چەندە کاریگەرە لەسەر پێشخستنی پرۆسەی خوێندن و ڕەوشی خوێندکاران لە زانکۆکاندا؟ یان بە دیوێکی تر ئایا فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕۆڵی ئەرێنی یان نەرێنی هەبووە لەسەر پرۆسەی خوێندن؟

## ١-٢ گرنگیی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی مەعریفی خۆی هەیە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هێندەی توێژەر ئاگادارە، تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک ئەنجام نەدراوە لەسەر ڕۆڵی ئەو فشارانەی ڕێکخراوەکان دروستی دەکەن لەسەر پرۆسەی خوێندن و خوێندکاران، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا دەکرێن، جگە لەوەی لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بەو پێیەی بەرچاوڕوونیان پێدەدات بەوەی کە هەوڵ و فشارەکانیان تاچەندە ڕۆڵیان هەبووە لەسەر پرۆسەی خوێندن.

## ١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانج لە هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بە دەستهێنانی مەعریفەیەکی زانستییە، لەئاستی گشتیدا ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی ئەوە دەربخات کە تاچەندە فشارەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لەسەر بەڕێوەچونی پرۆسەی خوێندن، سەرەڕای ئەوە توێژینەوەکە ئامانجی ئاماری هەیە تا پەیوەندی ئاماری لە نێوان تێڕوانینی ئەو خوێندکارانەی ئەندامن لە ڕێکخراوەکاندا بەرامبەر بەوانەی ئەندام نین لە ڕێکخراوەکان.

## ١-٤ پێناسەی چەمک و زاراوەکان

<u>فشار</u>

- گەورە ڕابەری بواری توێژینەوە هانس سەیلس پێناسی فشار دەکات، وەک وەڵامدانەوەیەکی دیاری نەکراوی جەستە کە جیادەکرێتەوە

بەهۆی دەردانی شەکری (glucocorticoids) بۆ هەر داوایەک (Selye,1936,32).

- فشار: گوزارشتە لە پەیوەندی نێوان تاک و ژینگە کە تاک نرخی بۆ دادەنێت، وەک باجێک لەسەر دەسکەوتەکانی و خۆشگوزەرانیی خۆی پێدەخاتە مەترسییەوە.(lazarus,& Folkman, 1984,19).
- تیۆرست کۆکس(١٩٨٨) پێناسی دەکات بەوەی کە فشار بەشێکە سیستەمێکی ئالۆز و چالاکی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگەی مرۆیی و سروشتی ) (Skinner,2007,22).
- **پێناسی ڕێکاری بۆ فشار:** گوزارشتە لە دۆخێکی یەکانگیری لە نێوان تاک و ژینگەکەیدا، بەواتای ئەوەی کە تاک توانای هەیە کاریگەریی هەبێت لەسەر ژینگەکەی خۆی (مرۆیی و سروشتی ) و ژینگەی مرۆڤ کاریگەری دەکاتە سەر تاک.

ڕێکخراو

- زاراوەی ڕێکخراو بە شێوە گشتییەکەی بەکاردێت بە مانای دامەزراوە یان "گروپێکی دامەزراو" لە واتایەکی سنووردارکراودا، کەواتە ڕێکخراو گوزارشتە لە یەکێک لە سیفاتە تایبەتەکانی دامەزراوە (بەمانای گونجان بە پێی باردۆخ و ڕۆلی ڕێکخراوەکە ( C.N Shankar,1989, 332).
- ڕێکخراو لە کۆمەڵناسیدا ڕووبەڕووی دوو گرفت دەبێتەوە یەکەم ئەم چەمکە لە زانستەکانی تردا (ئەندازیاری، ئابوری، کارگێری) بەکاردەهێنرێت، گرفتەکەی دی بەوردی بەکارهێنانیەتی لە کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، یەکەمین بەکارهێنانی کۆمەڵناسییانەی ڕێکخراو لە نوسینەکانی هێربەرت سبنسەردا دەبینین، کە بێگومان ئەویش بە مانای سیستەم کاریگەر بووە کە (ئۆگست کۆنت) خستویەتەڕوو، بە بڕوای سپێنسەر لە توانای لەیەکتر خڕبوونەوەی سادەیی تاکەکاندا نییە کۆمەڵگا بهێننە ئاراوە بۆ ئەوە کۆمەڵگا دروست ببێت زەروریە کە کۆبوونەوەی

تاکەکان لە هەمان کاتدا ببێتە هۆی زیادبوونی هاوکاریی نێوانیان، و بوونی ڕێکخراو مەرجی دروست بوونی هاوکارییە (محسنی، ٢٠٠٢، ١٩٣).

- **پێناسەی ڕێکاری ڕێکخراو**: ڕێکخراو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی بە دامەزراوە بوونی کۆمەڵەیەک کە کار بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەکەن، سیفەتی ڕێکخراوەیی خاڵی جیاکەرەوەی نێوان کۆمەڵەیەکی هەرەمەکی و کۆمەڵەیەکی سیستەماتیکییە.

## ڕێکخراوی خوێندکاری

- زاراوەی ڕێکخراوی خوێندکاری گوزارشتە لە چەندین هاومانای دی کە وەک ڕێکخراوی خوێندکاری دەناسێنرێت هەروەک (یەکێتی خوێندکاران، ئەنجومەنی خوێندکاران، دەستەی خوێندکاران) کە لە ئێستادا لە زانکۆ یاخود کۆلێژەکاندا ئامادەییان هەیە کە گرنگی دەدەن بەو چالاکییانەی کە لای خوێندکاران گرنگە، هەروەک خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، چالاکیی سیاسی و کلتوری و هونەری ( Dain and Hijriati,2017,9).
- ڕێکخراوی خوێندکاری: پێناسە دەکرێت بەوەی کە دامەزراوەیەکە لە ناو زانکۆدا کە گرنگی دەدات بە چالاکیەکانی خوێندکاران و بە شێوەیەکی گشتی وەرزش و سینەما و ڕاییکردنی کاری فەرمی و یاری و دابینکردنی ژوور بۆ خوێندکاران لەخۆدەگرێت( merriam-webster online dictionary).
- **پێناسەی ڕێکاری ڕێکخراوی خوێندکاری**: بریتیە لە کۆبونەوەیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵێک خوێندکار کە کاردەکەن لە پێناو باشترکردنی دۆخی خوێندکاران و گرنگیدان بە چالاکییەکانی خوێندکار.

## ڕۆڵ

- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو ڕەفتارەیە کە لە کەسێک چاوەڕوان دەکرێت کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو پەیوەندیە یاخود ئەو ئاماژەیەیە کە سروشتی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکە دیاریدەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە. کەواتە پێناسەکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی پێویستی بە دیاری کردنی خەسڵەتە سەرەکییەکانی ڕەفتاری ئەو تاکە هەیە کە ڕۆڵەکە دەگێڕێت (میشیل، ١٩٨٠، ٢٥٣).
- چەند تەرزێکی ڕەفتار و کۆمەڵێ هەڵوێستی چاوەڕوانکراوە لەو کەسانەی کە چەند پێگەیەک لە پەیکەری کۆمەڵایەتی داگیر دەکەن، ڕۆڵ بەوە لە بارودۆخ جیادەکرێتەوە کە زاراوەی دووەم وەسفی ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە ڕێژەییە دەکات، لەکاتێکدا زاراوەی یەکەم وەسفی ئەو جۆرە کارانە دەکات کە لەمیانەی هەر هەڵوێستێکدا پێی هەڵدەستین، تاکەکان لەڕێگەی بەکۆمەڵایەتی بوونەوە بە ڕۆڵەکانیان ئاشنادەبن و پێیان هەڵدەستن، بەم شێوەیە ڕۆڵە سیاسییەکان ئەو ڕەفتارە یاخود ئەو هەڵوێستانەن کە پەیوەستن بەهەڵوێستی سیاسییەوە (روبیرت، ١٩٩٩، ٣٩٩).
- ڕۆڵ کردار یاخود ئەرکێکە کە کەسێک لەناو گروپێکدا دەیگرێتە ئەستۆ. ڕۆڵ هەم وەک جۆری ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی تاکە کەسێک بەپێی نموونە گشتییە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی گروپ و هەم وەک شێوەی وەڵامدانەوەی چاوەڕوانکراوی ئەوانی تر پێناسە دەکرێت (سازگارا،٢٠٠٣، ١٢٢).
- **پێناسەی ڕێکاری بۆ ڕۆڵ:** گوزارشتە لەو ڕەفتار یان ئەرکەی کە تاک یان کۆمەڵەیەک دەیگێڕێت، بەرامبەر بە ئەرکێکی دیاریکراو، کە مەبەست لێی بەرجەستەکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی تاکە کە دەشێت ڕۆڵی تاک لە تێگەیشتنی ئەوانی ترەوە پێناسەی بۆ بکرێت.

## ٢- چوارچێوەی تیۆری

### ٢-١ ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە مێژوودا

ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە پاڵ دروستبوونی زانکۆکاندا مێژوویەکی دێرینیان هەیە، بۆ یەکەمین جار ڕێکخراوی خوێندکاری لە زانکۆی پەنسلڤانیا وەک یەکێک لە کۆنترین زانکۆکان لە ساڵی (١٨٩٦) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزرا، پاشان لە ساڵی (١٩١٤) دا دامەزراوەی یەکگرتوی نێودەوڵەتی کۆلیژەکان (ACUI) ی دامەزرا، کە کاری دەکرد لە پێناو بەگەڕخستنی چالاکیەکانی خوێندکاران، لە ساڵی (٢٠١٦) دا ئەم ڕێکخراوە ٥٢٢ ئەندامی هەبووە لە (١٠) وڵاتی جیاوازدا. (Rudisille, 2018, eric.ed.gov)

پاشان لە ساڵی ١٩٣٤ دا یەکەمین ڕێکخراوی خوێندکاران دروست بوو لە ولایەتی ڤێرجینیا لەژێر ناوی هۆڵی مادیسۆن (Madison Hall)، پاشان لە ساڵی ١٩٥٠ دا لە زانکۆی ئاراگۆن کۆمەڵەی بیرەوەری ئارب بونیادنرا (uoregon university website, emu.uoregon.edu).

ئەوەی تێبینی دەکرێت زیاتر ئەم ڕێکخراوانە بۆ کۆکردنەوەی خوێندکاران بووە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی هەمەجۆری زانستی یان تەرفیهی، کە دەتوانین، وەک لایەنێکی ڕێکخراو لە کۆکردنەوەی خوێندکاراندا ئاماژەی پێبدەین، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو کاری ڕێکخراوی بزوتنەوە خوێندکارییەکان، وەک هێزێکی دەرکەوتە و کاریگەر دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بە تایبەتتر دوای شۆڕشە لە ناکاوەکەی خوێندکاران کە لە ساڵی (١٩٦٨) ەوە لە فەرەنسا دەستی پێکرد و نزیکەی هەموو جیهانی گرتەوە (تیلی،٢٠١٢، ٢٠٥).

یەکەمین ڕێکخراوی خوێندکاری کوردی لەکوردستان لە ساڵی ١٩١٢ دا لە شاری ئەستەمبوڵ ڕاگەیەنرا لەژێر ناوی "هێڤی" یان وەک ئەوەی

ژەنەراڵ شەریف پاشا لە نامەی پیرۆزباییەکەیدا لە ژمارە (٤٧) ی گۆڤاری (مەشروتیەت) بە (جەمعیەی هیوای تەڵەبەی کوردان) ناوزەندی دەکات. گەرچی ئەم ڕێکخراوە لە ١٩١٠ وە دامەزرابوو بەڵام لە ١٩٢٠ دا مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت، دەبینین لەسەر هەمان شێوازی وڵاتانی تر ڕێکخراوی خوێندکاری هێڤی خاوەنی گۆڤارێک بوو کە چالاکییەکانی تێدا بڵاو دەکردەوە, هەروەها خاوەنی یانەیەکیش بوو بۆ کۆکردنەوەی خوێندکاران و ڕۆشنبیران (پیربال، ٢٠٠٧، ٤٩-٥٠).

## ٢-٢ ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی کوردستان

هەرچەندە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە لایەن پارتە سیاسییەکانی کوردستانەوە پاڵپشتی دەکرێن، کە ئەمە زیاتر بووەتە مایەی ئەوەی دۆخێکی ناهەموار وەربگرێت بەوەی کە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هەوڵ بدەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی سیاسیی حیزبەکانیان، وەک لەوەی ببنە گروپی فشار، چونکە خەسڵەتی بوونە گروپی فشار زۆرجار ڕێگە نادات هاوتەریبی بەرژەوەندیی ڕێکخراوە سیاسییەکان بێت، بەوەی حیزب خاوەنی دامەزراوە و سیستەمی خۆیەتی و هەروەها حیزب هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی (نەقیبزادە، ٢٠٠٧، ٢٤٥).

بەگشتی و لە ئێستادا کۆمەڵێک ڕێکخراوی خوێندکاری هەن کە بەشێوەیەکی کارا لە ناوەندەکانی خوێندندا کاردەکەن کە بریتین لە:

### ١- ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان

پێناسە: ڕێکخراوێکی پیشەیی، نیشتمانی، دیموکراسی و قوتابییانەیە، تێدەکۆشێت لە پێناو پاراستنی مافی قوتابییان و دەستەبەرکردنی خواستەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستیان و پەرەپێدانی ڕەوتی زانست، هەروەها پشتگیری دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دەکات، لەپێناو

بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیەت و ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخوازی مەدەنی (کارنامە و پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٧، ل:٣-٤)

ئامانجەکانی ڕێکخراو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا

١- بەشداری کارا و کاریگەری قوتابییان لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا.
٢- داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی قوتابییان.
٣- یارمەتیدانی قوتابییانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، کە بەهۆی خەباتی سیاسییەوە پەرتەوازە دەبن، یاخود ئەوانەی ئارەزووی خوێندن دەکەن لە کوردستان.
٤- بەشداریکردن و داکۆکیکردن لە بڵاوکردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی بیری و ئازادیی باوەڕ و لایەنگیری.
٥- هەوڵدان بۆ بە سەردەمیکردنی کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەری و مەدەنی لە کوردستاندا.
٦- پاڵپشتیکردنی ناردنی قوتابییانی کوردستان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە دەرەوەی وڵات و سیستەمی توواناسازی زیاتری قوتابییانی کوردستان.
٧- کارکردن بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییانەی دەبنە کۆسپ و بەربەست لەبەردەم قوتابییانی کچ لە خوێندن و بەرەوپێشچووندا.
٨- یارمەتیدانی یاسایی و مەعنەوی ئەو قوتابییانەی کە ڕۆڵەی شەهید و پێشمەرگەی پەککەوتە و قوربانییانی کیمیاباران و پرۆسەکانی ئەنفال و جینۆساید و کەمدەرامەتان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
٩- کارکردن لەسەر زیاتر بەهێزکردنی ڕایەڵەی نێوان مامۆستا و قوتابی بەشێوەیەکی سەردەمییانە.

١٠- هاوكاری و هەماهەنگیكردن لەگەڵ دامەزراوە تایبەتییەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ دانانی پلانی نوێی پەروەردەیی و داڕشتنی میتۆد و فەلسەفەی پەروەردە بە شێوەیەكی سەردەمییانە.
١١- هەوڵدان لەگەڵ ئەو قوتابییانەی كە توشی لادان و تاوان دەبن و گێڕانەوەیان بۆ ناو خێزان و كۆمەڵگە، لەڕێگەی چاكسازی كۆمەڵایەتییەوە.
١٢- بەشداریكردن لەگەڵ دامەزراوەكانی پەروەردە بۆ گرنگیدان بە كەسایەتی قوتابییان و پەروەردەكردنیان بە شێوەیەكی دروست.
١٣- جەختكردنەوە لە دروستكردنی كەمپی زانكۆكان و كۆمەڵگەی بەشی ناوخۆی بۆ قوتابییان بە شێوەیەكی سەردەمییانە كە هەموو پێداویستییەكانی خوێندن و پشوو لە خۆبگرێت.
١٤- داواكردنی پەرەپێدان و زیادكردنی ناوەندەكانی خوێندن لە كوردستان بە پێی پێویست.
١٥- دەرخستنی بەهرە و توانای ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەرییەكانی قوتابییان.
١٦- هەوڵدان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابییان.
١٧- هەماهەنگیكردن لەگەڵ ناوەندە زانكۆیی و ئەكادیمییەكان لە پرۆسەی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی لەپێناو بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی و تەندروست.
١٨- بایەخدان بە بەرهەمی هزری و توێژینەوەی قوتابییان لە پرۆسەی گەشەپێدانی زانستی و ڕۆشنبیری و سیاسی و كۆمەڵایەتیدا. (كارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی قوتابییانی كوردستان، ٢٠١٧، ل:٧-١١).

**٢- كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان**

پێناسە: ڕێكخراوێكی پیشەیی خوێندكاریی مەدەنیی دیموكراسیی پێشكەوتووخوازی هاوچەرخی سەربەخۆیە، سەر بە مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی یەكێتیی نیشتمانی كوردستانە لەناوخۆ و دەرەوەی كوردستاندا، بەبێ جیاوازی ڕەگەز و بیروباوەڕی ئاینی و مەزهەبی،

خوێندکار دەگرێتەخۆی (پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ٢٠٠٦، ٤).

ئامانجەکانی ڕێکخراو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا

١- بەدیهێنانی خواستە پیشەیی و ئەکادیمییەکانی خوێندکاران و فەراهەم کردنی کەش و هەوایەکی مۆدێرن و شارستانی لەبواری پەروەردەدا.
٢- گرنگیدانی زیاتر بە سەنتەرەکانی تایبەت بە پەرەپێدانی بەهرە و تواناکانی خوێندکاران لە گشت بوارەکاندا.
٣- بایەخدان بەبەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی خوێندکاران و گرنگیدان بە توێژینەوە زانستییەکانی خوێندکار لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا، بەڕادەیەک لەسەر ئاستی پسپۆرییەکدا توێژینەوەی سەرکەوتوو خەڵات بکرێت.
٤- پەیڕەوکردنی سیستەمی خوێندنی تێکەڵاو بە پێی نەخشەیەکی زانستی.
٥- پەرەپێدانی زیاتری بنەماکانی پەروەردەی زانستیی نوێ و سڕینەوەی تەواوی شێوازە دزێوەکانی پەروەردەی کۆن (پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان،٢٠٠٦،٥-٦).

## ٣- یەکێتی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان

پێناسە: ڕێکخراوێکی قوتابیانی ناحکومییە، تێدەکۆشێت بۆ گەشەپێدانی تواناکان و بەدیهێنانی ماف و داواکارییەکانی قوتابییان، لە پێناو ئامادەکردنی تاکێکی کارا و بەرپرسیار بۆ کۆمەڵگە، بە دیدێکی مەدەنییانەی هاوچەرخ (پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٦، ١).

ئامانجەکانی ڕێکخراو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا

١. هاندانی قوتابییان بۆ خۆ پەروەردەکردن و دەستگرتن بە بەها ئیسلامی و نیشتمانی و مەدەنییەکانەوە.
٢. پێگەیاندنی قوتابییان بە گیانی دیموکراسی و گفتوگۆ و بەیەکەوەژیانی ئاشتیخوازانە.
٣. دارشتنی پەیوەندییەکی دامەزراو لەسەر دیالۆگ و ڕێزی بەرامبەر، لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا.
٤. بایەخدان بە خوێندنی هاوچەرخ و هاندانی قوتابییان، بۆ بەدەستهێنانی پلەی بەرز لە خوێندندا.
٥. بایەخدان بە خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی و مێژوو و جوگرافیای کوردستان، لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستاندا.
٦. نەهێشتنی دەستێوەردانی حیزبی لە ناوەندەکانی خوێندن، هەڵوەشاندنەوەی ستافە ئیدارییەکان، کە بە تەزکییەی حیزبی دانراون.
٧. هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری، لە شێوازی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بە جۆرێک ڕەچاوی ویست و ئارەزوی قوتابییان بکرێت.
٨. پەرەپێدان بەچاکسازیی لەپرۆگرامەکانی خوێندن، بەجۆرێک ڕەچاوی پیشکەوتنی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و فێربوونی زمانە بیانییەکان بکات. (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٦،١-٢).

**٤- ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان**

پێناسە: ڕێکخراوێکی جەماوەری پیشەی قوتابییانە لە کوردستانی عێراق کار و چالاکییەکانی ئەنجام دەدات (بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٦،١).

ئامانجەکانی ڕێکخراو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا

١- داکۆکیکردن لە مافەکانی قوتابییان بە بێ جیاوازی ئاین و ڕەگەز و نەتەوە.

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و هۆشیاریی قوتابییان لە ڕێگەی کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ و سازدانی خول و سیمینار.
٣- هاوکاریکردنی دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و نەهێشتنی گەندەڵی.
٤- بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی قوتابییاندا و گەشەپێدانی پرۆسە مەدەنییەکان.
٥- گرنگیدان بە خوێندنی پیشەیی لە هەموو ئاستەکانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەییەکان.
٦- بەرەنگاربونەوەی ئەو داب و نەریتانەی کە ڕێگرن لەبەردەم پرۆسەی خوێندندا.
٧- پشتگیریکردن لەسەرجەم ئەو هەنگاوانەی کە دەبنە هۆی چاکسازی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا.
٨- بەگەڕخستنی وزە و تواناکانی قوتابییان بە ئاراستەیەکی تەندروست و دوور لە هەڵچوون و بێبەرنامەیی.
٩- پەروەردەکردنی لایەنە مەعنەوی و جەستەییەکانی قوتابییان لە ڕێگای گرنگیپێدان بە بەهرە و توانا و داهێنانەکانیان.
١٠- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و سەنتەر و کۆمەڵە ناوخۆی و جیهانییەکان و بوونە ئەندام لە دەزگا و دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان.
١١- بەهێزکردنی ڕۆڵی قوتابییان، لە ناوەندەکانی بڕیار کە تایبەتن بە قوتابی و پرۆسەی خوێندن. (بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٦،ل١-٢).

## ٢-٣ کاری ڕێکخراوەیی لە دروستکردنی فشاردا

بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ئەو بەرنامانەی پێشکەشی دەکەن شاراوە یان لە پشتی پەردەوەن، لە پێناو دەرخستنی تواناکانی خوێندکاران یاخود گەیاندنی دەرفەتی بەسوود بە کۆمەڵگا

(Dain and Hijriati,2017,9)، هەڵبەتە بەو پێیەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕەگەزێکن لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەم پێیە، هەموو کار و فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاریگەریی هەبووە لەسەر چۆنیەتی و چەندێتی کاریگەریی ئەو فشارانەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دروستیان کردووە لەسەر دەسەڵاتی بە ئامانج گرتوو. (تیلی،٢٠١٢، ٢٠٤-٢٠٥)، بۆیە دەکرێت بۆ دەرخستنی ڕۆڵی کارای ڕێکخراو و بزوتنەوە خوێندکارییەکان سەرنج بدەینە ڕووداو و خۆپیشاندانەکانەکانی ساڵی (١٩٦٨) بەتایبەت و هەروەها هەندێک ڕووداوی تر کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا کە بە شۆرشی خوێندکاران ناسێنران.

بلێسەی شۆڕشی خوێندکارانی فەرەنسا لە (١٩٦٨) دا دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی دوو وانەبێژی بەشی کۆمەڵناسی (ئێدگارد مۆران) و (هێنری لیڤەر) لە زانکۆی نانت، کە لە دواییدا (دانیاڵ کۆهن) و هاوڕێکانی بزوتنەوەی ٢٢ی مارسیان ڕاگەیاند، سەرباری ئەوەی پشێوی و نائارامیەکانی زستانی (١٩٦٧-١٩٦٨) ی بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکاران لەبەرانبەر قەدەغەکردنی هاتوچۆی شەوانە و بەرهەمی بیریارانی وەک ولیەم ڕایش و ئەریک فرۆم، کاریگەرییان هەبوو لەسەر هەڵکشانی بزوتنەوەی خوێندکارانی فەرەنسا، سەرەڕای ئەوەی بیری مارکسیسزم و چەپگەرا کە ئایدۆلۆژیایەکی زاڵبوو بەسەر زانکۆکانی فەرەنسا بەو پێیەی ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینی بڕوای بە خەباتی بەرەی پێکەوەیی هەیە، کاریگەریی تەواوی هەبوو لەسەر تێکڕای ڕووداوەکانی ١٩٦٨ دا, هەروەها جۆرج لاباساد، ڕاوێژکاری کۆمەڵەی خوێندکاران لە زانکۆی سۆربۆن، کار و نوسینەکانی جۆرج ئۆرێل و ئەریک فرۆم و ڤلیکش گاتاری، میشێل فۆکۆ و چەندین بیریاری تر بە تایبەت ئەوانەی کاریگەربوون بە بیری چەپگەرا و مارکسیسزم ڕۆڵیان هەبوو لە

دروستکردنی بزوتنەوە خوێندکارییەکان. (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٠، ١٤-١٥).

فشاری بزوتنەوە خوێندکارییەکان سنوورەکانی ئەوروپای تێپەڕاند و کیشوەری ئەمریکای گرتەوە، بە جۆرێک لە ئەمریکادا لەپاڵ دروست بوونی بزوتنەوەی هیندی- ئەمریکی و تیرۆرکردنی سەرۆک مارتن لۆتەر کینگ، خوێندکاران ڕژانە سەر شەقامەکان و دەرگای زانکۆکانیان داخست(تیلی،٢٠١٢، ٢٠٦). لە کەنەدا گشت زانکۆکان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا دژ بە دەوڵەت بۆ بونیادنانی حکومەتێکی سۆسیالیستی، کە تەنها لە زانکۆی کیبیت نزیکەی ٤٠ هەزار خوێندکار لەو فشارانەدا بەشدار بوون (Westhues,1975,392)، هەروەها لە مەکسیک زیاتر لە سەد هەزار خوێندکار ڕژانە سەرشەقامەکان و بەڵام خۆپیشاندانی خوێندکارانی مەکسیک خوێناوی بوو، ئەوەبوو لە ٢ تشرینی ١٩٦٨ دا پاش ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای پۆلیس و خوێندکاران بەسەدان خوێندکار کوژران و بەهەزاران خوێندکاری تر زیندانی کرا.

بزاوتی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەنها ئەو وڵاتانەی نەگرتەوە کە سیستەمەکانیان سۆسیالیستی نەبوون، بەڵکو بلۆکی سۆسیالیستیش بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی فشار و ناڕەزاییەتی خوێندکاران بووەوە، لە پۆڵەندا خوێندکاران پاڵپشت بە ڕوناکبیرە ئۆپۆزسیۆنەکان دژ بە سانسۆرەکانی کۆمۆنیزم خۆپیشاندانیان کرد، بەڵام لە لایەن تانک و هێزە سۆڤیەتییەکانەوە سەرکوتکران(تیلی،٢٠١٢، ٢٠٦)، هەروەها لە پەیجین و لە ساڵی ١٩٨٩ خوێندکاران ناڕەزایەتییەکانیان دەسپێکرد و خوێندکاران خۆیان لەبەرەیەکی ڕێکخراودا ڕێکخست، دژ بە ستەمەکانی سیستەمی سۆسیالیستی، خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی خوێندکاران لە پەیجین هێندە کاریگەربوون کە بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکان دادەنرێت لە شکستی سیستەمی کومۆنستیدا، بەڵام لە کۆتاییدا بە زەبری هێز خۆپیشاندانەکان

کۆتایی پێدێت و خوێندکاران پاشەکشە دەکەن لە داواکارییەکانیان (تیلی،٢٠١٢، ٢١٥).

دۆخی خوێندکارانی کورد هەمان ڕێچکەی خوێندکارانی ئەورووپا بووە، گەرچی لەڕووی ستراتیژ و ئامانجەوە جیاواز، جێگەی ئاماژەپێکردنە کە کۆمەڵەی "ئیتیحاد و تەرەقی" (١٨٨٩) کە ڕێکخراوێکی نهێنیی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە لایەن دوو خوێندکاری کوردەوە دامەزرا کە هەریەکە لە عبدالله جودت و ئیسحاق سکوتی کە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوون لە زانکۆی ئەستەمبوڵ، کە لە دواییدا ئەم ڕێکخراوە توانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەناوبەرێت (پیربال، ٢٠٠٧، ٤٢)، سەرەڕای بوونی ڕێکخراوی تەڵەبەی هێڤی و ئەو هەموو خوێندکارە کوردانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە پرۆسەی سیاسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەڵام دەبینین کە فەلسەفەی ئەم پرۆژە مەعریفییەی کورد نابێتە هەمان ئەو فەلسەفەی کە ئەو خوێندکارانەی کە لە ساڵی ١٩٦٨ لە فەرەنسا و لە پێناو چاکسازیی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕاپەڕینیان بەرپاکرد (پیربال، ٢٠٠٧، ٩٦).

بەسەرنجدان لە شۆڕشی خوێندکاران ئەوە دەردەکەوێت کە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان توانیویانە ببنە فشاری کاریگەر لە پێناو گۆڕینی دۆخی کۆمەڵگا و ویستی خوێندکاران بۆ باشترکردن و فەراهەمکردنی داواکاریەکانیان، هەروەک کۆمەڵناسی ئەڵمانی (هێربێرت مارکۆزە) پێیوایە کە خوێندکاران توانای ئەوەیان هەیە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا ئەنجام بدەن (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٠، ٦٧).

**سێیەم: :میتۆدی توێژینەوە و ڕێکارە مەیدانییەکان:**

**٣-١ :میتۆدی توێژینەوە:** ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پۆلێنکردن و ڕاڤەکردنیان، هەروەها سوود لێ وەرگرتنی لەو توێژینەوە زانستییەدا کە ئەنجامی دەدات (الحسن،

١٩٩٩، ٥٩٩). لـــەم توێژینەوەیـــەدا میتـــۆدی ڕوپێـــوی کـــۆمەڵایەتی بەکارهـاتووە, کە تـوێژەر لە ڕێگەی فـۆڕمی ڕاپرسـی کە وەک ئـامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە بۆ دەرخستن و وەسفکردنی دیاردەکە، بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی وەسفی بە گونجاو زانیوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکە، لە هەردوو لایەنـی تیـۆری و مەیدانیـدا تـــوێژەر هەوڵـــی داوە کە وەســـفی ئەو فشـــارانە بکـــات کە لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە دەکرێت لە نێو ژینگەی خوێندندا.

**٣-٢ :کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:**

**٣-٢-١ :کۆمەڵگای توێژینەوە:** گروپێکە لە کەسان کە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی دیمۆگرافی یاخود پیشـەیی یـان کولتـوری یـان ئـابووری یـــان کۆمەڵایـــەتیی دیـــاریکراون، کـــە دەتوانرێـــت لێیانـــەوە نمـــوونەی توێژینەوەکـــە هـــەڵبژێردرێت (الحســـن، ١٩٩٩، ٥٤٤). کـــۆمەڵگەی ئەم تـوێژینەوەیە بـریتیە لـە خوێنـدکارانی زانکـۆی سـلێمانی کە ژمارەیـان ( ٢٢٥٥٥) خوێندکارە (ماڵپەری فەرمی زانکۆی سلێمانی).

**٣-٢-٢ :نموونەی توێژینەوە**

نموونـە ئـەو کۆمەڵـە هەڕەمەکییـەیە یـاخود ڕێکخـراوەیە کـە تـوێژەر لەکۆمـەڵگای توێژینەوەکەیـەوە وەری دەگرێـت، کـە لێیـەوە زانیارییـەکان وەردەگیـرێن و دەرئەنجامـەکان دەردەهێنرێـت بـەزۆری بـەهۆی زۆریـی ژمـــارەی دانیشـــتوانەوە دەگیرێتەبـــەر(دیـــنکن، ١٩٨٠، ٢٥٧)، نمـــوونەی تـوێژینەوەکە بەشـێوەیەکی هەڕەمەکیـی سـادە لە خوێنـدکارانی زانکـۆ وەرگیـراوە، بە شـێوەیەک پرسـیارنامەکە دراوە بە خوێنـدکارانی زانکـۆ لە کـۆلێژە جیاجیاکـانی زانکـۆی سـلێمانی، کە تێکـڕای ژمـارەی خوێنـدکاران (٢٢٥٥٥) خوێنـــدکارە، و بەپێـــی ئاســـتی بەهـــای (٠,٩٥) بە جیـــاوازیی بەڵـــگەداری (٠,٥) پێویســـتە لانـــی کەم نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە (٣٧٨) خوێنـدکار بێـت*، بـۆیە تـوێژەر (٣٨٤) خوێنـدکاری وەرگرتـووە، وەک

نموونەی توێژینەوەکە لە خشتەی (١) دا خەسڵەتی نموونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

| خشتەی (١) نموونەی توێژینەوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| برگە | هەڵبژاردە | دوبارە | ڕێژەی | گشتی |
| ڕەگەز | مێ | 208 | 54.17% | 384 |
| | نێر | 176 | 45.83% | |
| ئەندامێتی لە ڕێکخراودا | ئەندام | 72 | 18.75% | 384 |
| | ئەندام نییە | 312 | 81.25% | |

### ٣-٣ :سنووری توێژینەوە

**٣-٣-١ : سنووری شوێنی:** مەبەست لێی ئەو ژینگە و جێگایەیە، کە توێژەران هەڵیانبژاردووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، سنووری شوێنیی ئەم توێژینەوەیە شاری سلێمانی، زانکۆی سلێمانییە.

**٣-٣-٢:سنووری کاتی**: ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە لە ٢٠١٨/٤/١ بۆ ٢٠١٨/٧/١.

**٣-٣-٣:سنووری مرۆیی:** مەبەست لێی نموونەی توێژینەوەکەیە واتە ئەو کەسانە دەگرێتەوە وەک لێتوێژراو وەرگیراون، سنووری مرۆیی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییە.

### ٣-٤ :ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

بۆکۆکردنەوەی زایارییەکان لە نموونەی توێژینەوەکە توێژەر فۆڕمی پرسیارنامە (ڕاپرسی)، وەک پێوەر بەکارهێنراوە کە بریتیە لە سێ

تەوەرەی سـەرەکی کە بەکـۆی هەر سـێ تەوەرەکە (٣٣) بـڕگە لەخۆدەگرێت.

**٣-٥ : ڕاستگۆیی و جێگیری:**

**٣-٥-١:ڕاستگۆیی**

بـۆ دڵنیـابوونەوە لە ڕاسـتگۆیی پێوەرەکـان تـوێژەر پێـوەرەکەی بـۆ ژمارەیەک لەپسپۆڕانی بوارەکانی (کۆمەڵناسی، دەروونناسی) کەژمارەیان (٩) پسپۆرە، خستۆتەڕوو، توێژەر داوای لێکردوون لەڕێگەی بەکارخستنی پسپۆری و تواناییانەوە دڵنیاببنەوە لەگونجاویی بڕگەکان، لەڕووی داڕشتن و ماناوە، لەگەڵ هەر گۆڕانکاری و زیادکردنێک کە بە پێویستی بزانن.

تـوێژەر ئەو بڕگـانەی لابـردووە کە زیـاتر لە (٥) پسـپۆر یـان زیـاتر بەباشـیان نەزانیبێـت لەسـەر ئەو بنەمـایەی کە ژمـارەی پسـۆرەکان (٩) کەسە، لە پاشکۆی (١) دا ئاماژە بە ناوی پسپۆران دراوە.

**٣-٥-٢ جێگیری**

دوای جێبـەجێکردنی پێوەرەکـان بەسـەر نمـوونەی تـوێژینەوەکە و داخڵکردنی داتاکان لەڕێگەی پاکێجی (SPSS)ەوە، بەڕێگای هـاوکۆلکەی ئەلفـا کرونبـاخ جێگیـری بـۆ نمـوونەکە وەرگیـراوە، وەک لە خشـتەی (٢)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢) جێگیریی پێوەرەکە

| ئەلفا کرۆنباغ | ژمارەی بڕگە |
|---|---|
| ٠,٧٨ | ٣٣ |

**ئەنجـــامە بەدەســـــتهاتووەکان ئاســـــتی بەرزی جێگیریـــــی پێوەرەکـــان دەسەلمێنێت، بەشێوەیەکی ئەرێنی بە ڕێژەی (٠,٧٨).**

### ٦,٢:ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

پـــاکێجی ئامـــاری (SPSS) بەمەبەســـتی ئەنجامـــدانی پرۆســـە ئامارییەکان بەگشتی بەکارهێنراوە.

## چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە

### ٤-١ گشت ئەنجامە بەدەستهاتووەکان

لە خشتەی (٣)دا گشت ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون خراوەتەڕوو

خشتەی (٣) ئەنجامە بەدەستهاتووەکان

تەوەرەی یەکەم: کاری ڕێکخراوەیی

| برگە | بەڵێ | | نەخێر | | تاڕادەیەک | | ناوەندی شیاو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | | |
| 1 | 88 | 22.92 | 68 | 17.71 | 228 | 59.38 | 1.64 | 54.51 |
| 2 | 44 | 11.46 | 272 | 70.83 | 68 | 17.71 | 1.94 | 64.58 |
| 3 | 184 | 47.92 | 52 | 13.54 | 148 | 38.54 | 2.09 | 69.79 |
| 4 | 20 | 5.208 | 272 | 70.83 | 92 | 23.96 | 1.81 | 60.42 |
| 5 | 68 | 17.71 | 176 | 45.83 | 140 | 36.46 | 1.81 | 60.42 |
| 6 | 52 | 13.54 | 208 | 54.17 | 124 | 32.29 | 1.81 | 60.42 |
| 7 | 72 | 18.75 | 136 | 35.42 | 176 | 45.83 | 1.73 | 57.64 |
| 8 | 224 | 58.33 | 84 | 21.88 | 76 | 19.79 | 2.39 | 79.51 |
| 9 | 200 | 52.08 | 44 | 11.46 | 140 | 36.46 | 2.16 | 71.88 |
| 10 | 100 | 26.04 | 156 | 40.63 | 128 | 33.33 | 1.93 | 64.24 |
| 11 | 56 | 14.58 | 260 | 67.71 | 68 | 17.71 | 1.97 | 65.63 |
| 12 | 148 | 38.54 | 88 | 22.92 | 148 | 38.54 | 2.00 | 66.67 |

تەوەرەی دوەم: پێویستیەکانی خوێندکاران

| برگە | بەڵێ | | نەخێر | | تارادەیەک | | ناوەندی شیاو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | | |
| 1 | 64 | 16.67 | 128 | 33.33 | 192 | 50.00 | 1.67 | 55.56 |
| 2 | 40 | 10.42 | 240 | 62.5 | 104 | 27.08 | 1.83 | 61.11 |
| 3 | 32 | 8.333 | 180 | 46.88 | 172 | 44.79 | 1.64 | 54.51 |
| 4 | 28 | 7.292 | 224 | 58.33 | 132 | 34.38 | 1.73 | 57.64 |
| 5 | 36 | 9.375 | 244 | 63.54 | 104 | 27.08 | 1.82 | 60.76 |
| 6 | 364 | 94.79 | 8 | 2.083 | 12 | 3.13 | 2.92 | 97.22 |
| 7 | 328 | 85.42 | 4 | 1.042 | 52 | 13.54 | 2.72 | 90.63 |
| 8 | 144 | 37.5 | 132 | 34.38 | 108 | 28.13 | 2.09 | 69.79 |
| 9 | 88 | 22.92 | 112 | 29.17 | 184 | 47.92 | 1.75 | 58.33 |

تەوەرەی سێیەم: فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان

| برگە | بەڵێ | | نەخێر | | تاڕادەیەک | | ناوەندی شیاو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | | |
| 1 | 196 | 51.04 | 88 | 22.92 | 100 | 26.04 | 2.25 | 75.00 |
| 2 | 56 | 14.58 | 232 | 60.42 | 96 | 25.00 | 1.90 | 63.19 |
| 3 | 28 | 7.292 | 256 | 66.67 | 100 | 26.04 | 1.81 | 60.42 |
| 4 | 32 | 8.333 | 256 | 66.67 | 96 | 25.00 | 1.83 | 61.11 |
| 5 | 60 | 15.63 | 236 | 61.46 | 88 | 22.92 | 1.93 | 64.24 |
| 6 | 120 | 31.25 | 100 | 26.04 | 164 | 42.71 | 1.89 | 62.85 |
| 7 | 88 | 22.92 | 240 | 62.5 | 56 | 14.58 | 2.08 | 69.44 |
| 8 | 80 | 20.83 | 168 | 43.75 | 136 | 35.42 | 1.85 | 61.81 |
| 9 | 112 | 29.17 | 104 | 27.08 | 168 | 43.75 | 1.85 | 61.81 |
| 10 | 44 | 11.46 | 192 | 50 | 148 | 38.54 | 1.73 | 57.64 |
| 11 | 48 | 12.5 | 256 | 66.67 | 80 | 20.83 | 1.92 | 63.89 |
| 12 | 88 | 22.92 | 152 | 39.58 | 144 | 37.50 | 1.85 | 61.81 |

## ٤-٢ شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی هێزی بڕگەکانی توێژینەوەکە

لە خشتەی (٤)دا هێزی بڕگەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی بڕگەکان لە تەوەرەکاندا و ناوەندی شیاوی بڕگەکان کراوەتە پێوەری هێزی بڕگەکان لەناو تەوەرەکاندا.

| خشتەی (٥) هێزی بڕگەکانی توێژینەوەکە | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەوەرەی یەکەم: کاری ڕێکخراوەیی | | | | | | | | | |
| ئاست | بڕگە | بەڵێ | | نەخێر | | تارادەیەک | | ناوەندی ش | ڕێژەی سەدی |
| | | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | | |
| ١ | 8 | 224 | 58.33 | 84 | 21.88 | 76 | 19.79 | 2.39 | 79.51 |
| ٢ | 9 | 200 | 52.08 | 44 | 11.46 | 140 | 36.46 | 2.16 | 71.88 |
| ٣ | 3 | 184 | 47.92 | 52 | 13.54 | 148 | 38.54 | 2.09 | 69.79 |
| ٤ | 12 | 148 | 38.54 | 88 | 22.92 | 148 | 38.54 | 2 | 66.67 |
| ٥ | 11 | 56 | 14.58 | 260 | 67.71 | 68 | 17.71 | 1.97 | 65.63 |
| ٦ | 2 | 44 | 11.46 | 272 | 70.83 | 68 | 17.71 | 1.94 | 64.58 |
| ٧ | 10 | 100 | 26.04 | 156 | 40.63 | 128 | 33.33 | 1.93 | 64.24 |
| ٨ | 4 | 20 | 5.208 | 272 | 70.83 | 92 | 23.96 | 1.81 | 60.42 |
| ٩ | 5 | 68 | 17.71 | 176 | 45.83 | 140 | 36.46 | 1.81 | 60.42 |
| ١٠ | 6 | 52 | 13.54 | 208 | 54.17 | 124 | 32.29 | 1.81 | 60.42 |
| ١١ | 7 | 72 | 18.75 | 136 | 35.42 | 176 | 45.83 | 1.73 | 57.64 |
| ١٢ | 1 | 88 | 22.92 | 68 | 17.71 | 228 | 59.38 | 1.64 | 54.51 |
| | تەوەرەی دوەم: پێویستییەکانی خوێندکاران | | | | | | | | |
| ئاست | برگە | بەڵێ | | نەخێر | | تارادەیەک | | ناوەندی ش | ڕێژەی سەدی |
| | | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | 6 | 364 | 94.79 | 8 | 2.08 | 12 | 3.125 | 2.92 | 97.22 |
| ٢ | 7 | 328 | 85.42 | 4 | 1.04 | 52 | 13.54 | 2.72 | 90.63 |
| ٣ | 8 | 144 | 37.5 | 132 | 34.38 | 108 | 28.13 | 2.09 | 69.79 |
| ٤ | 2 | 40 | 10.42 | 240 | 62.50 | 104 | 27.08 | 1.83 | 61.11 |
| ٥ | 5 | 36 | 9.375 | 244 | 63.54 | 104 | 27.08 | 1.82 | 60.76 |
| ٦ | 9 | 88 | 22.92 | 112 | 29.17 | 184 | 47.92 | 1.75 | 58.33 |
| ٧ | 4 | 28 | 7.292 | 224 | 58.33 | 132 | 34.38 | 1.73 | 57.64 |
| ٨ | 1 | 64 | 16.67 | 128 | 33.33 | 192 | 50 | 1.67 | 55.56 |
| ٩ | 3 | 32 | 8.333 | 180 | 46.88 | 172 | 44.79 | 1.64 | 54.51 |
| | تەوەرەی سێیەم: فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان | | | | | | | | |
| ئاست | برگە | بەڵێ | | نەخێر | | تارادەیەک | | ناوەندی ش | ڕێژەی سەدی |
| | | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | | |
| ١ | 1 | 196 | 51.04 | 88 | 22.92 | 100 | 26.04 | 2.25 | 75.00 |
| ٢ | 7 | 88 | 22.92 | 240 | 62.50 | 56 | 14.58 | 2.08 | 69.44 |
| ٣ | 5 | 60 | 15.63 | 236 | 61.46 | 88 | 22.92 | 1.93 | 64.24 |
| ٤ | 11 | 48 | 12.5 | 256 | 66.67 | 80 | 20.83 | 1.92 | 63.89 |
| ٥ | 2 | 56 | 14.58 | 232 | 60.42 | 96 | 25 | 1.9 | 63.19 |
| ٦ | 6 | 120 | 31.25 | 100 | 26.04 | 164 | 42.71 | 1.89 | 62.85 |
| ٧ | 8 | 80 | 20.83 | 168 | 43.75 | 136 | 35.42 | 1.85 | 61.81 |
| ٨ | 9 | 112 | 29.17 | 104 | 27.08 | 168 | 43.75 | 1.85 | 61.81 |
| ٩ | 12 | 88 | 22.92 | 152 | 39.58 | 144 | 37.5 | 1.85 | 61.81 |
| ١٠ | 4 | 32 | 8.333 | 256 | 66.67 | 96 | 25 | 1.83 | 61.11 |
| ١١ | 3 | 28 | 7.292 | 256 | 66.67 | 100 | 26.04 | 1.81 | 60.42 |
| ١٢ | 10 | 44 | 11.46 | 192 | 50 | 148 | 38.54 | 1.73 | 57.64 |

سەبارەت بە تەوەرەی یەکەم کە تایبەتە بە کاری ڕێکخراوەیی برگەی هەشتەم پلەی یەکەمی گرتووە، ڕێژەی (٥٨,٣٣%) نموونەکە

پێیانوایە (ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە باڵادەستەکان هەژمونیان هەیە لە زانکۆکاندا کە ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەر لە هەموو ڕێکخراوەکان بەسەر کاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە باڵادەستەکاندا دەچەسپێت، تەوەرەی نۆیەم (لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا خوێندکار ئامرازە نەک مەبەست) پلەی دووەمی وەرگرتووە لە ئاستی تەوەرەی یەکەمدا و (٥٨,٠٨%) خوێندکاران پێیانوایە کە خوێندکاران زیاتر وەک ئامراز بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕێکخراوەکان، نەک بووبێتنە چەقی مەبەست لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە، برگەی سێیەم (بوونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانم) ئاستی سێیەمی وەرگرتووە، بەمە دەردەکەوێت کە خوێندکاران بوونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانن لە ناوەندەکانی خوێندنی زانکۆکاندا ڕێژەی (٤٧,٢%) خوێندکاران بوونی خوێندکاران بە گرنگ دەزانن و (٣٨,٥٤%) خوێندکاران تاڕادەیەک بوونی ڕێکخراوەکان بەگرنگ دەزانن لەکاتێکدا (١٣,٥٤%) خوێندکاران بوونی ڕێکخراوەکان بەگرنگ نازانن، بەڵام بەپێی برگەی (١٢) کە پلەی چوارەمی وەرگرتووە، خوێندکارانی نموونەکە پێیانوایە کە ململانێی نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان وای کردووە کە ڕێکخراوەکان نەتوانن، وەک پێویست خزمەت بە خوێندکاران بکەن (١٤٨) خوێندکار لەکۆیی (٣٨٤) ی خوێندکار پێیانوایە کە ململانێی ڕێکخراوەکان کاریگەریی نەرێنی جێهێشتووە لەسەر ئەدای کاری ڕێکخراوەکان، (٦٧,٧١%) ی خوێندکاران ڕایانوایە کە هیچ کێبڕکێیەک نییە لە نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا بۆ خزمەتی خوێندکاران، بەپێی برگەی یازدە کە پلەی پێنجەمی وەرگرتووە، بەمە دەردەکەوێت کە سەرەڕای نەبوونی ململانێی نێوان ڕێکخراوەکان هیچ کێبڕکێیەکیش نییە لە نێوان ڕێکخراوەکاندا بۆ خزمەتکردنی خوێندکارەکان.

سەبارەت به تەوەرەی دووەم که تایبەته به پێویستییەکانی خوێندکاران، بڕگەی شەشەم (پێویسته ڕێکخراوێکی سەرتاسەری و دوور له هەژموونی حیزبی دابمەزرێت) زۆرینەی ڕەهای نموونەکه به ڕێژەی (٩٤,٧٩%) دروستکردنی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری و دوور له هەژموونی حیزبی به پێویست دەزانن، بەمه دەردەکەوێت که خوێندکاران متمانەیان به ڕێکخراوه خوێندکارییەکان لاواز بووه, بەهۆی زاڵبونی هەژموونی حیزبی بەسەریانەوه له کاتێکدا (١٨,٧٥%) ی نموونەکه ئەندامی ڕێکخراوه خوێندکارییەکانن، بڕگەی حەوتەم (کردنەوەی یانەی ڕۆشنبیریی خوێندکاران به پێویست دەزانم) که پلەی دووەمی گرتووه (٨٥,٤٢%) نموونەکه پێیانوایه که بونیادنانی یانەی ڕۆشنبیریی تایبەت به خوێندکاران به گرنگ دەزانن، بڕگەی هەشتەم (ڕێکخراوه خوێندکارییەکان تەنها گرنگیانداوه به لایەنی گەشت و ئاهەنگ بۆ خوێندکاران) که پلەی سێیەمی وەرگرتووه (٣٧,٥%) نموونەکه پێیانوایه که زیاتر ڕێکخراوەکان گرنگی دەدەن به لایەنی تەرفیهی بۆ خوێندکاران له بەرامبەردا کەمتر گرنگی دەدەن به داخوازییه زانستییەکانی خوێندکاران بەتایبەت گەشتی زانستی، بەو پێیەی ڕێژەی (٦٢,٥%)ی نموونەکه پێیانوایه که ڕێکخراوەکان گرنگییان نەداوه به لایەنی گەشتی زاستی بۆ خوێندکاران بەپێی بڕگەی دووەم که پلەی چوارەمی گرتووه، هەروەها به پێی بڕگەی پێنجەم که پلەی پێنجەمی وەرگرتووه (٦٣,٥٤%)ی نموونەکه ڕایان وایه که ڕێکخراوه خوێندکارییەکان هاوکارنین له پڕکردنەوەی پێویستییەکانی خوێندن.

سەبارەت به تەوەرەی سێیەم که تایبەته بەو فشارانەی چاوەڕێ دەکرێت ڕێکخراوه خوێندکارییەکان بکەن بڕگەی یەکەم (فشاری ڕێکخراوه خوێندکارییەکان به گرنگ دەزانم) پلەی یەکەمی وەرگرتووه (٥١,٠٤%) نموونەکه فشاری ڕێکخراوه خوێندکارییەکان به گرنگ دەزانن، وەک پاڵپشتیەک بۆ خوێندکاران، بڕگەی حەوتەم (ڕێکخراوەکان فشاریان

کردووە بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن) کە پلەی دووەمی وەرگرتووە، نموونەکە پێیانوایە کە ڕێکخراوەکان فشاریان نەکردووە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی خوێندن کە پەیوەستە بە ژیانی بەشێکی خوێندکارانەوە، بڕگەی پێنجەم (ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە بۆ درێژکردنەوەی پشووی خوێندکاران) کە پلەی سێیەمی گرتووە (٦١,٤٦%) نموونەکە پێیانوایە کە ڕێکخراوەکان فشاریان نەکردووە بۆ درێژکردنەوەی پشووی خوێندکاران، کە ئەمە خاڵێکی ئەرێنی ڕێکخراوەکانە بەوەی فشاریان نەکردووە بۆ زیادکردنی پشووی خوێندکاران، بۆ کەمکردنەوەی ماوەی خوێندن، لە کاتێکدا بڕگەی یازدەهەم (فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاتی دەوامی خوێندن و درێژکردنەوەی پشوو بە سوودی پرۆسەی خوێندن دەبینیت؟) کە پلەی چوارەمی گرتووە, دەریدەخات کە (٦٦,٦٧%) ی خوێندکاران کەمکردنەوەی کاتی دەوامی خوێندکاران و زیادکردنی پشووەکان بە قازانجی پرۆسەی خوێندن نابنێن، بڕگەی دووەم (ڕێکخراوەکان فشاریان کردووە بۆ کەمکردنەوەی مەنهەجی خوێندن) کە پلەبەندی پێنجەمی وەرگرتووە، (٦٠,٤٢%) نموونەکە پێیانوایە کە ڕێکخراوەکان کاریان نەکردووە بۆ کەمکردنەوەی مەنهەجی خوێندن، سەبارەت بە بڕگەی شەشەم (ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەداخول دەکەن لە کاروباری ئیداری زانکۆدا) کە ئاستی شەشەمی وەرگرتووە (٤٢,٧١%) ی نموونەکە پێیانوایە کە تاڕادەیەک ڕێکخراوەکان تەداخول دەکەن لە کاروباری ئیداریی زانکۆکاندا.

## **٤-٣: پەیوەندی نێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکە**

| خشتەی (٦) پەیوەندی نێوان بڕگەکان | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| | تەوەرەی یەکەم | تەوەرەی دووەم | تەوەرەی سێیەم |
| تەوەرەی یەکەم | 1.00 | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەوەرەی دووەم | 0.36 | 1.00 | |
| تەوەرەی سێیەم | 0.43 | 0.60 | 1.00 |
| گشت تەوەرەکان | 0.70 | 0.83 | 0.87 |

پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو گوزارشتە لە بوونی پەیوەندی لە نێوان دوو گۆڕاودا لە سەر ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی (Swati, 2010, 123)توێژەر هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکە بخاتەڕوو لە سەرئاستی چەندایەتی و بۆ ئەم مەبەستە هاوکۆلکەی پێرسۆنی بەکارهێنراوە, بۆ دەستنیشانکردنی بوونی پەیوەندیی سادە لە نێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکەدا بە پشتبەستن بەو پێوەرەی کە هاوکۆڵکەی پێرسۆن دەریدەخات بۆ ئاستی پەیوەندی نێوان بڕگەکان کە لەنێوان (١) و (-١) دایە و ئاستەکانی پێوانەکردنی هێزی پەیوەستیان بەم جۆرەیە.

| پەیوەندی ئەرێنی | | | | | | | نەبونی پەیوەندی | پەیوەندی نەرێنی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٩ | ٠,٧ | ٠,٦ | ٠,٤ | ٠,٣ | ٠,١ | ٠ | -٠,١ | -٠,٣ | -٠,٤ | -٠,٦ | -٠,٧ | -٠,٩ | -١ |
| تەواو | بەهێز | | ناوەند | | لاواز | | | لاواز | | ناوەند | | بەهێز | | تەواو |

بۆیە پەیوەندی لە نێوان تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم پەیوەندییەکی ئەرێنی مامناوەندە بە نمرەی (٠,٣٦)، هەروەها پەیوەندیی تەوەرەی یەکەم بە تەوەرەی سێهەم پەیوەندییەکی ئەرێنی مامناوەندە بە پلەی (٠,٤٣) و پەیوەندیی تەوەرەی دووەم بە تەوەرەی سێهەم پەیوەندییەکی بەهێزە بە پلەی (٠,٦) و پەیوەندیی تەوەرەکان بە کۆی

برگەکانەوە پەیوەندییەکی بەهێزە بە پلەکانی (٠,٧) بۆ تەوەرەی یەکەم و (٠,٨٣) بۆ تەوەرەی دووەم و (٠,٨٧) بۆ تەوەرەی سێهەم.

## ٤-٤ ڕای ئەندامانی ڕێکخراوەکان لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە

| خشتەی (٧) لێکدانی ئەندامێتی لەگەڵ تەوەرەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تەوەرەکان | ئەندامێتی | هەڵبژاردە | بەهای تا | ئاستی بەڵگەداری |
| تەورەی یەکەم | بەڵێ | 72 | 0.61 | 0.05 |
| | نەخێر | 312 | | |
| تەورەی دووەم | بەڵێ | 72 | 0.01 | 0.05 |
| | نەخێر | 312 | | |
| تەوەرەی سێیەم | بەڵێ | 72 | 0.23 | 0.05 |
| | نەخێر | 312 | | |

سەبارەت بە تەوەرەی یەکەم کە خۆی لە کاری ڕێکخراوەیدا دەبینێتەوە جیاوازیی ئاماری هەیە لەنێوان ڕای ئەو خوێندکارانەی کە ئەندامن لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا بەرامبەر بە ڕای ئەو خوێندکارانەی کە ئەندام نین لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا بە بەهای تایی (٠,٦١)، بەڵام سەبارەت بە تەوەرەی دووەم کە تایبەتە بە پێویستییەکانی خوێندکاران، هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە لەنێوان خوێندکاراندا، واتا ڕای گشت خوێندکاران لەسەر پێویستییەکانی خوێندکاران لەیەکەوە نزیکە بەپێی بەهای تایی (٠,٠١)، هەرچی پەیوەستە بە تەوەرەی سێهەم ڕای ئەندامانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان جیاوازە

لەگەڵ ڕای خوێندکاران کە ئەندام نین لە ڕێکخراوەکاندا بەپێی بەهای تایی (٠,٢٣).

## ٤-٥ ڕای ئەندامانی ڕێکخراوەکە لەسەر فشاری ڕێکخراوەکان

خشتەی (٨) ڕای نموونەکە لەسەر هەوڵ و فشاری ڕێکخراوەکان

| | بڕگەی ١٢ | بەڵێ | نەخێر | تاڕادەیەک | گشتی | کای٢ | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەندامێتی | بەڵێ | 44 | 196 | 72 | 312 | 0.04 | ٠,٠٥ |
| | نەخێر | 4 | 60 | 8 | 72 | | |
| | گشتی | 48 | 256 | 80 | 384 | | |

دەربارەی ڕای نموونەی توێژینەوەکە لەسەر ئەو فشارانەی ڕێکخراوەکان دەیکەن بۆ باشترکردنی ڕەوشی خوێندن و چەندێتی ماوەی خوێندن، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ڕای نموونەی توێژینەکەدا بەپێی بەهای (کای٢) ی بەدەیهاتوو (٠,٠٤)، بەمە دەردەکەوێت، کە ئەو خوێندکارانەی کە ئەندامن لە ڕێکخراوەکاندا لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە ئەندامنین لە ڕێکخراوەکاندا، جیاوازی نییە لە بۆچوونیان دەربارەی کاریگەریی فشاری ڕێکخراوەکان.

٥- دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان

## ٥-١ ئەنجامەکان

لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بوونی ڕێکخراوی خوێندکاری پێویستە لە ناوەندەکانی خوێندندا تا لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەوە خوێندکاران بتوانن ببنە هێزێکی کارا و چالاک

له کۆمەڵگادا، هەروەها ڕێکخراوەکان هاوکاربن وەک هێزێکی فشار و کارا تا لەو ڕێگەیەوە خوێندکاران بە مافە بنچینەییەکانیان بگەن، سەرەڕای ئەمە توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەشتووە:

١- ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەستیان وەرداوەتە کاروباری ئیداری لەزانکۆکاندا کە ئەمە فشاری دروستکردووە لەیەکلایی کردنەوەی پرسەکانی تایبەت بە خوێندکاران.
٢- هەوڵ و فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان گرنگە، بەڵام لەهەندێک پرسی زانستیدا بە قازانجی خوێندکاران و پرۆسەی خوێندن ناکەوێتەوە.
٣- ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان نەکردووە بۆ کەمکردنەوە ماوەی خوێندن لە زانکۆکاندا.
٤- ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هیچ فشارێکیان نەکردووە بۆ باشترکردنی چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندندا، بەڵکو زیاتر گرنگییانداوە بە لایەنی تەرفیهی بۆ خوێندکاران.
٥- فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاریگەر نەبووە لەسەر باشترکردنی ئەدای پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکاندا.
٦- ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە باڵادەستەکان هەژموونیان هەیە بەسەر زانکۆکاندا.
٧- ململانێی سیاسی نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەدای کارەکانیان لە خزمەتکردنی خوێندکاراندا، ئەمە وای کردووە کە خوێندکاران ئامرازبن لای ڕێکخراوەکان نەک مەبەست.
٨- ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کەمتەرخەم بوون لە باشکردنی ڕەوشی ناهەمواری بەشە ناوخۆییەکان بۆ خوێندکاران.

## ٥-٢ ڕاسپاردەکان

١- دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی خوێندکاری دوور لە هەژموونی حیزبی.

٢- كردنەوەی یانەی ڕۆشنبیری و هزری تایبەت بە خوێندكاران لە لایەن ڕێكخراوەكانەوە.
٣- پێداچوونەوە بە پەیڕەو و پڕۆگرامی ڕێكخراوەكاندا بە جۆرێك ئامانجەكانی ڕێكخراوەكان بە قازانجی خوێندكاران بێت و ئامانجەكان ئاراستەكراوبن نەک داواكراو.
٤- گرنگیدان بە تواناكانی خوێندكاران بەبێ بوونی ئینتیمای حیزبی.
٥- بنەبڕكردنی دەستوەردانی ڕێكخراوەكان لە ئیدارەدانی زانكۆكاندا.
٦- گرنگیدان بە لایەنی زانستیی خوێندكاران و لە پێناو باشتركردنی ئاستی زانستی خوێندكاران.

## پەراوێز

* نموونەی توێژینەوەكە بەم یاسایە دەرهاتووە (دوجای ئاستی بەهایی *ڕێژەی نموونە * (١- ڕێژەی نموونە)/ جیاوازیی بەڵگەداری، بڕوانە (https://www.surveysystem.com/sample-size-formula.htm)

## لیستی سەرچاوەكان

### سەرچاوە كوردییەكان


- پیربال، فەرهاد (٢٠٠٧)، گەنجە كوردەكان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، چ١، سلێمانی.
- تیلی، چارلز(٢٠١٢) بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكان، وەرگێرانی: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.
- سازگارا، پەروین (٢٠٠٣) ئاوڕدانەوەیەک لە كۆمەڵناسی، و: جەواد مستەفا ستوپەیی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- کۆمەڵێک نوسەر (٢٠١٠) شۆشی خوێندکارانی ٦٨، وەرگێرانی: شوان ئەحمەد، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چ١، سلێمانی.
- نەقیبزادە، ئەحمەد (٢٠٠٧)، پێشەکیەک لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی، وەرگێرانی: مەسعوود رەوان دۆست، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

- الحسن، احسان محمد (١٩٩٩)، موسوعه علم ألاجتماع، دار العربیه للموسوعات، ط١، بیروت.
- روبیرت، جیوفری و الستر ئیدواردس (١٩٩٩) المعجم الحدیث للتحلیل السیاسی، ت: سمیر عبدالرحیم الجلبی، الدار العربیه للموسوعات، بیروت، لبنان.
- میشیل، البروفیسور دیکن (١٩٨٠)، معجم علم الجتماع، ت: الدکتور احسان محمد الحسن، مطبعه دار الحریه، بغداد.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

- C.N Shankar Rao (1989), Sociology, s CHAND & COMPANY LTD, 2nd edition, New Delhi, India.
- lazarus, R. S., & Folkman, S. (1984). Stress appraisal and coping. New York:
- levels of stress and burnout, *The Australian Journal of Advanced Nursing*, 2007, Vol 24, No 4, June-Aug.
- Selye, Springer. H., 1936. A syndrome produced by diverse nocuous agents. Nature,Westhues, Kenneth (1975), Inter-Generational Conflict in the Sixties, In Samuel D Clark,J.Paul Grayson and Linda M Grayson, Toronto, Canada.
- Sharma, Swati, Research Methodologies and Methods, Neeraj publication, India, Delhi, 2010.
- Skinner, Virginia., Agho, K., Lee White, T., Harris, J. The development of a tool to assess.

**ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا**

- Dian Ferdiansyah and Hijriati Meutia(2017), The Impact of a Student Organization (OSIS) on Leadership Identity Development (LID), Master's thesis in education, University of Tampere, Finland

**پەیرەو پرۆگرامی ڕێکخراوەکان**

- بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان،٢٠١٦. پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەم
- پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان،٢٠١٦، پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەم.
- پەیڕە و و پرۆگرامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ٢٠٠٦، پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەم، سلێمانی.
- کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٧ پەسەندکراوی کۆنفرانسی شەش، هەولێر.

**ئینتەرنێت**

- ERIC – A Look at Welcome Week: The Role of College Unions and Student Activities in Welcoming Students, Association of College Unions International (NJ1), 2012." ERIC – A Look at Welcome Week: The Role of College Unions and Student Activities in Welcoming Students, Association of College Unions International (NJ1), 2012. Association of College Unions International. 12 Apr. 2018 http://eric.ed.gov/?q=%22%22&ff1=subStudent+Unions&id=ED535351
- https://docs.google.com/spreadsheets/d/1uLfQgCGhs1kTk3XYAmJagy317fin3iVs_LCcYuESYkw/edit?usp=drive_open&ouid=112532060453451767376 (visit 20/4/2018).

- https://emu.uoregon.edu/renovation index information on formal website (visit 20/4/2018)
- https://www.merriam-webster.com/dictionary/student%20union (visit 15/4/2018)
- ماڵپەری فەرمی زانکۆی سلێمانی univsul.edu.iq/en/uos-statistics (visit 1/5/2018)

## پاشکۆکان

پاشکۆی یەکەم: ناوی پسپۆڕان کە پێوەرەکەیان هەڵسەنگاندوە

| ژ | ناوی پسپۆر | پلەی زانستی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کەریم شەریف عبدالله | پرۆفیسۆر | رێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| ٢ | صابیر بکر مستەفا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی | زانکۆی سلێمانی |
| ٣ | عالیە فرج مصطفی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| ٤ | کاوە محمد حسین | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| ٥ | نازەنین عوسمان محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی | زانکۆی سلێمانی |
| ٦ | احمد علی حەمە محمد | مامۆستا | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| ٧ | بەختیار ابراهیم فتاح | مامۆستای یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| ٨ | کارزان عارف محمد | مامۆستای یاریدەدەر | پەروەردە | زانکۆی سلێمانی |
| ٩ | کوردستان محمد ئازاد | مامۆستای یاریدەدەر | رێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |

پاشکۆی دووەم: بڕگە پەسەندکراوەکانی پێوەری توێژینەوەکە

ڕەگەز : نێر  مێ

ئەندام لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ئەندامم............. ئەندام نیم...........

تەوەرەی یەکەم کاری ڕێکخراوەی

| ژ | بڕگە | بەڵێ | نەخێر | تاڕادە یەک |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کارکردنم لەگەڵ ڕێکخراوە خوێندکارەکان لاپەسەندە. | | | |
| ٢ | لە کێشەکانم دا پشت بە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەبەستم. | | | |
| ٣ | بونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانم. | | | |
| ٤ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاریان بۆ کردوم. | | | |
| ٥ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هانم دەدەن بۆ خوێندن. | | | |
| ٦ | بەشداری چالاکیەکانی ڕێکخراوەکان دەکەم. | | | |
| ٧ | ئاگاداری کاری ڕێکخراوەکانم. | | | |
| ٨ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە بالا | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دەستەکان هەژمونیان هەیە لە زانکۆدا | | | |
| ٩ | لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دا خوێندکار ئامرازە نەک مەبەست. | | | |
| ١٠ | بۆنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان گرنگە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا. | | | |
| ١١ | هیچ کێبرکێیەک نابینم لە نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دا بۆ خزمەتی خوێندکاران. | | | |
| ١٢ | ململانێی نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان وای کردووە بیر لە خزمەتکردنی خوێندکار نەکرێتەوە. | | | |

تەوەرەی دووەم پێویستیەکانی خوێندکار

| ژ | بڕگە | بەڵێ | نەخێر | تاراددەیەک |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رێکخراوەکان گرنگیان داوە بە ئەنجامدانی سیمیناری زانستی؟ | | | |
| ٢ | رێکخراوەکان گرنگیان داوە بە گەشتی زانستی | | | |
| ٣ | رێکخراوە خوێندکارییەکان گرنگیان داوە بە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکان. | | | |
| ٤ | رێکخراوە خوێندکارییەکان گرنگیان داوە بە پەیداکردنی سەرچاوەی زانستی. | | | |
| ٥ | رێکخراوەکان هاوکارن لە پرکردنەوەی پێویستیەکانی خوێندن | | | |
| ٦ | پێویستە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری و دور لە هەژمونی حیزبی دابمەزرێت. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | کردنەوەی یانەی ڕۆشنبیری خوێندکاران بە پێویست دەزانم. | | | |
| ٨ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەنها گرنگیان داوە بە لایەنی گەشت و ئاهەنگ بۆ خوێندکاران. | | | |
| ٩ | ڕێکخراوەکان کاریانکردووە لەسەر کەمکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی | | | |

تەوەری سێیەم فشاری ڕێکخراوەکان

| ژ | برگە | بەڵێ | نەخێر | تارادەیەک |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانم | | | |
| ٢ | ڕێکخراوەکان فشاریان کردووە بۆ کەمکردنەوەی مەنهەجی خوێندن | | | |
| ٣ | فشاری ڕێکخراوەکان کاریگەری هەبوە لەسەر کەمکردنەوە ماوەی دەوامی خوێندن. | | | |
| ٤ | فشاری ڕێکخراوە خوێندکارەکان ڕۆلی هەبوە لە باشکردنی جۆرایەتی خوێندن. | | | |
| ٥ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە بۆ درێژکردنەوەی پشووی خوێندکاران. | | | |
| ٦ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەداخول دەکەن لە کاروباری ئیداری زانکۆدا. | | | |
| ٧ | ڕێکخراوەکان فشاریان کردووە بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن. | | | |
| ٨ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە بۆ زیادکردنی سەوزاری لەنێو زانکۆ. | | | |
| ٩ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بۆ زیادکردنی وانەی پەرینەوە (عبور). | | | |
| ١٠ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە بۆ گێرانەوەی شکۆی زانستی بۆ زانکۆ. | | | |
| ١١ | فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاتی دەوامی خوێندن و درێژکردنەوەی پشوو بە سودی پرۆسەی خوێندن دەبینیت؟ | | | |
| ١٢ | ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی ناوبەشە ناوخۆییەکان | | | |


**ملخص**

إلى جانب ثورة الشعب الكردي وتضحياتهم، فإنَّ طلبة كردستان كانوا جزءًا فعالاً في تأجيج هذه الثورة والتضحيات لها، وكانت لهم تنظيمات داخل المنظمات الطلابية وناضلوا من أجل القضية الحق للشعب الكردية، وبعد الانتفاضة عام ( ١٩٩١ )، وتأسيس الجامعات في إقليم كردستان من جديد بدأت المنظمات الطلابية التي كانت معضمها تابعة للأحزاب السياسية بنشاطاتها داخل الجامعات والتي لم تكن تخلو من القصور والتدخل في شؤون الجامعة، إنَّ هذا البحث جاء نتيجة لمحاولة علمية ميدانية، وتكمن مشكلته في الإجابة على هذا السؤال:

" إلى أي مدىً نجد أثرًا للمحاولات والضغوطات التي تمارسها المنظمات الطلابية في تطوير العملية التعليمية في جامعاتنا".
وللوصول إلى غاية البحث فقد قام الباحث بتسليط الضوء من خلال الجانب النظري على عمل المنظمات الطلابية وضغوطاتها التي تمارسها، واستعمل المنهج الوصفى، لوصف دور المنظمات الطلابية، ولأجل ذلك قام الباحث باستعمال الاستبانة كمقياس، والتي تكونت من ثلاثة محاور رئيسة و( ٣٣) سؤالًا،

وتكوَّنت عينة البحث من طلبة جامعة السليمانية، وبعد توزيع المقياس على عينة البحث قام الباحث بتحليل الاحصائيات بعد استعمال البرنامج الاحصائي (SPSS) للوصول إلى نتائج المرجوة.

وضحَّت نتائج البحث أنَّه فضلًا عن اهمية وجود المنظمات الطلابية إلَّا أنَّه كانت لضغوطاتهم دورًا ضعيفًا في الشؤون الخاصة بالطلبة، ووصل البحث إلى أنَّ السلطة العليا التي كانت بيد المنظمات الطلابية التابعة للأحزاب السياسية المتنفذة والتنافس بين هذه المنظمات وتدخلاتهم في الشؤون الإدارية للجامعات كانت لها تأثيرًا كبيرًا فيإضعاف هذه الضغوطات التي تمارسها ههذ المنظمات.

وختم الباحث البحث بعدد من التوصيات التي يأمل منها تحسين وضع المنظمات داخل الجامعات، وفي الختام فقد اعتمد البحث على عدد من المصادر والمراجع العلمية الحديثة من اجل تعضيد البحث وتقويته علميًا.

## Abstract

Side by side with the revolutions and the victimhood of Kurdish nation, the students in Kurdistan always had an active role in up swinging the revolutions and were victimized. The students were organized in the students' organizations and they strove for the nation's rights and to overcome the Kurdish Issues. After 1991 uprisings and reopening of the universities, the student organizations that were mostly related to the political parties started their activities at the universities, and the students' organizations were inadequate and interfered in the universities affairs.

This study is a product of a practical scientific effort. The paper highlights the problem of how many the attempts and pressures from the students' organizations affect the development of the process of education and studying in the universities. The researcher attempts to theoretically highlight the jobs and pressures

of the students' organizations, and uses descriptive approach to describe the role and the pressure of the students' organizations. Thus, a questionnaire is used as a measurement instrument, and it is consisted of three main sections and includes 33 questions. The students of Sulaimaniyah University are used as the sample of the study. After the questionnaire is distributed on the samples, then SPSS package is used to analyze the data that is gained from the results.

The results of the study put light on the fact that, despite the importance of existing the students' organizations, but the pressure of the students' organizations had a weak role in the specific issues related to the students. Moreover, the results highlight that the strong positional power of the students' political organizations, the conflict among the organizations, and their interference with the universities' administration, have effect in the weakness of the organizations' pressures on the process of education. Finally, some suggestions are given in order to increase the organizational improvements in universities.

The study depended on scientific and new resources in order to strengthen the study and make it more meaningful and evocative.